# تاشەی چیاکانم شکاند
# شوورەی زێدم پێ هەڵێنا

کەریم دەشتی

ئەو دەمانەی مەل بە شەونمی جریوە
نەرمە گیای سەر دڵی زێدی دەخستە سەما
ڕووبار بە هاژەی شەپۆلی
کەنارەکانی مەست دەکرد
لە نێو وەردە شینەکاندا ئاجیلەی سپیم ئاو دەدا
لە لووتکەکان لانەی هەڵۆم
پڕ لە تریفەی مانگ دەکرد
بە نێو سەختەندازەکاندا تووتنی مەرگم دەسووتاند
گەیشتوومەتە ئەوبەری ئاوە دوورەکان
لە نێو ڕەوەزە ساردەکان
جلی بەفرم لەبەر دەکرد
سەختەنداز و لەمپەرم تەخت کردووە
ڕێگاکان هەندێ جار دەچوونەوە سەر تاتە و تابووت
ڕێیێ نەبوو بچێتەوە ناو باخەکانی ئازادی
جارێ نەبوو ئەو ڕێیانە نەچنەوە سەر کانی ژەهر
بەردم لەسەر بەرد داناوە
دەستم نەگەیشتە سێوی ئاڵ
شەوم لەسەر شەو داناوە
چیرۆکی تۆ تەواو نەبوو
تا دێ درێژ دەبێتەوە
بە هەزاران جار ئاگری ماڵی خواکانم دزیوە
ناو دڵت گەرم کەمەوە
لە تاوێری ئاڵتوونی چیاکاندا
پەیکەری ئازادیم تاشیوە
بۆوەی جارێ نووری تەبەشت بخۆمەوە
ملیاران خەونی خوێناویم بینیوە
ئاوی هەموو چیاکانم خواردۆتەوە
ناوی هەموو تەلانەکانت دەزانم



تەمی هەموو ترۆپکانم لەبەر کردووە
تا قومێ ئاوی ژیانت بۆ بهێنم
پەلکەنانی سەر بەردەکانم خواردووە
لەگەڵ ڕەوەندان گریاوم
گیاوگوڵی بەندەنەکانت دەناسم
زێدم هەموو کێوی سەخت و خانووی قوڕن
کانیم هەمووی گەوهەری سپی و مەڕمەڕن
دایکەکانم ئەوەندەیان شین گێڕاوە
بیناییان پێ نەماوە
تا گەیشتوومەتە ئێرە ساڵم لەسەر ساڵ داناوە
ئێرە زێدی جوانی منە و خاکم بۆ باران کێڵاوە

## بە دوای تۆدا

کاتێ لە باتی غەمگینی دڵنەواییت دەنایە جێی
لەباتی تاقانە گوڵێ تۆ چەپکەنەت دەخستە ڕێی
چەند جوان بووی کە لافاوت ڕادەگرت و
نەسیمی نەرمت دەهێنا
کە زریانت بەند دەکرد و
جۆگە و جۆبارت بار دەکرد
ڕەشەباکانت ڕادەگرت
نەرمە بارانت دەهێنا و
ڕێحانەت بۆ شار بار دەکرد
ئێستا ڕۆحت پڕ ئاگری خەفەت بووە
نەدەزانی جوانی چییە
نە دەزانی بۆنوبەرامەی خاک چییە
ئەی گوڵەکان چییە دوای تۆ ؟
ژیان چییە
نەسیم چ مانایەکی هەیە
ڕووبار چ خوڕەیەکی هەیە
دوای تۆ هەرچی شتێ هەبوو
ئێستا نییە
دوای تۆ تەنها مەرگ
سەرداری هەبوونە
فەلسەفەی قاتوقڕییە، لەناوچوونە.